


# زامەکان دەکولێنەوە

د. ئازاد هیدایەت دەلۆ
(زانکۆی سۆران - کۆلێژی ئاداب)

ئەم ناوونیشانەی سەرەوە، ناوونیشانی ڕۆمانێکی (بەهرام محەمەد) ناسراو بە (کاکل)ـە کەوا لە دووتوێی بەرگێکدا (٢٤٨) لاپەڕە لە خۆ دەگرێت، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بە ژمارەسپاردنی (١١١)ی ساڵی ٢٠١٨، بە تیراژی ٥٠٠ دانە بۆی چاپ کردووە، خۆشبەختانە منیش دانەیەکم بە دیاری بەرکەوت.

م. بەهرام محەمەد (کاکل) پیاوێکی هێمن و لەسەر خۆ و بێدەنگە، هاتوچۆی یەکێتیی نووسەران لقی هەولێر دەکات، بەڵام لە خۆدەرخستن زۆر دوورە و بە هیچ شێوەیەک بەشداری چالاکی ناو هۆڵ و ڕا و بۆچوونەکان ناکات، ئەوەی ئەو پیاوە لە نزیکەوە بناسێت و دواتر ئەم ڕۆمانە بخوێنێتەوە بەتەواوەتی پێی سەرسام دەبێت، لە وەی کە خاوەنی بیر و مێشکێکی پڕ لە ڕاز و نیاز و عاشقی جوانی و بیرەوەرییەکی وردە، هەست بە برین و ئازارەکانی کۆمەڵگا و دەور و بەردەکات، ئەو خاوەن ڕووناکبیرییەکی هەمەلایەنەیە و دەتوانێ بە هۆیەوە پەی بۆ زۆر لە کون و کەلەبەرەکانی ژیانی نێر و مێ و منداڵ و تەمەنە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا ببات.

زەمەنی ڕۆمانەکە بۆ سەردەمی پاشایەتی دەگەڕێتەوە و بەتەواوەتی ساڵی **١٩٥٣** تاکو نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی حەفتاو پێنج و بڕەک لە دیمەن و بەسەرهاتەکانی دوای نسکۆ، هەروەک لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا دەڵێ (ساڵی **١٩٥٣** بوو، ئینگلیز ماوەیەک بوو عێراقی داگیر کردبوو...)، لەسەر ڕووی بەرگی کۆتایی کتێبەکەش دیمەنێک لە نسکۆی شۆڕشمان پیشان دەدات کە بەشێکی زیندووی مێژووی ئەو میللەتە ستەمدیدەیە دەخاتە ڕوو، هەروەک دەڵێ (خەڵک تێکدەقژقژان، شەقامی هاملتۆن پڕ سوار و پیادە بوو، بە پانتایی شەقامەکەو زیاتریش هەر بابایەو پەلی منداڵەکانی گرتبوو، بەرەو هات و نەهات، بەرەو چارەنووسێکی نادیار، بەرەو وڵاتێک دەڕۆیشت کە سەرچاوەی مەرگەساتییەکە بوو، کە لە شکست و هەرەس هێنانەکە لایەنی سەرەکی بوو. باسی ڕۆژی حەشر و پردی سیرات دەکەن لەو چەشنە بوو، خەڵکی برسی، تێنوو، بێ سەر، بێ ڕێنیشاندەر، بێ

فەرماندە، بێ سەرکردە، بەبێ هیوا، بە گریان، بە ڕۆ ڕۆ، بە لاکە لاک دەڕۆیشتن، پێیەک لە پێش، دوو لە پاش نەیاندەزانی بۆ کوێ بڕۆن. ڕاستیان دەبیست، درۆیان دەبیست، باوەڕ و متمانە لەو دەڤەرە باری کردبوو... چەک فڕێ دەدرا، چەک دەشکێنرا، چەک لە یەکدی ڕادەکێشرا، چەک لوولەی لەخۆ دەکرا، چەک باوی نەدەما، بڕنۆیەک بە یەک جغارە دەفرۆشرا، کلاشینکۆف و سەمینۆف ببوونە پەڕۆ بە گوو...)، زەمینەی ڕۆمانەکە سەرەتا لەشاری بەغداوە دەست پێ دەکات، دواتر دێتە هەولێر و ئەوجا گوندەکانی ناوچە ئازادکراوەکان و ناوجەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و ماوەیەکی کەمیش لە سنوور دەپەڕێتەوە خاکی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات، دوا وێستگەش بریتییە لە وڵاتانی ئەورووپا.

ناوەرۆکی ڕۆمانەکە بە گشتی باس لە ژیان و سەرگوزشتەی دوو لاوی کورد دەکات، کەبە هۆی نەبوونی و کەمدەستی و بارودۆخی ئاڵۆزی ژیانی ئەو سەردەمەو لە هەمان کاتیشدا زەبروزەنگی ڕۆژگار و باری سیاسی و لە ترسی سەربازی و لە دەستی سیخوڕی، ترنجاونەتە کونجێک لە گەڕەکێکی کۆن و (شەعبی) و سادەی شاری بەغداوە، لەوێش لە مزگەوتێکدا جێگیردەبن، لەبەر ئەوەی یەک لە و لاوانە (مەلا) دەبێ و بە زۆرەملێ لە زێدی باوباپیرانی هەڵکەنراوەو دەرپەڕێنراوە، ئیتر ئەم دوو لاوە دەکەونە سەر شانۆی ژیان و (مەلا) کەم بەخت و بێچارە، خوێندەوارێکی باش و ڕۆشنبیر، بە هۆی بیروباوەڕی چەپ لەو ڕۆژگارەو سیخوڕ بەردەوام بە دوایەوە لە خۆشییەکانی ژیان بێ بەش دەبێت و هەمیشە لە کونجی زیندانە و ژیانی کولەمەرگی بەسەر دەبات، لاوەکەی تریش کە (کارۆ)یە، هەرچەندە نەخوێندەوارە و بێ ئاگا لە دەوروبەر و ڕووداوەکان، بەڵام خۆشبەخت و خۆشگوزەران، بە هۆی ئافرەتێکی زۆر باشی بە وەفای بێوەژنی داوێن پاکی ماڵ و ساماندار، ڕۆژبە ڕۆژ گەشەدەکات و ژیانی خۆشتر دەبێت و کەمتر گیروگرفتی تووش دەبێ، لە نەخوێندەوارەوە دەبێ بە مامۆستا، هەروەک دەڵێن لە هیچەوە دەبێ بە شت و پێ دەگات.

تەکنیکی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا بە شێوەیەکی زۆر سادەو ساکارەو هیچ ئاڵۆزی و پێچوپلوچێکی تێدا بە دی ناکرێت، گێڕەرەوەی سەرەکیش کە بە (گێڕەرەوەی هەموو شت زان) ناودەبرێت، بریتییە لە خودی نووسەر کە بە وردی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوەو لە هەر شوێنێکیش پێویست بکات شیکردنەوەی بۆ دەکات، هەروەها زۆر جاریش بە تایبەتی لە کاتی گفتوگۆ و حیوارەکانی نێوان کەسایەتییەکاندا جڵەوی گێڕانەوە دەداتە دەست خودی پاڵەوانەکان و لە کۆتایی باسەکە بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەر بۆ نموونە لە نێوان دوو کەوانەدا دەڵی: (کارۆ وای بە ئیبتسام گوت)، یان (مەلا وای بە کارۆ گوت)، هەندێ جاریش بە فلاشباک نووسەر سەرگوزشتەی ڕابوردوو بە خەیاڵ دەداتەوە دەست پاڵەوانەکانی و لە ڕووداوەکانی پێشوو ئاگادارمان دەکاتەوە، هەروەک لە لاپەڕەی (٨) بە خەیاڵ مەلا دەگەڕێنێتەوە گوند و باسی باوکی دەکات و دەڵێ (مەلای باوکم خەڵک خۆشیان دەویست، لە کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕدێن سپیاتی بۆ دەکردن، مەلاژنی دایکیشم لەلاچەپی دەرگای حەوشە کۆلیتێکی خنجیلانە و چالاوگێکی پڕ ئاوی بۆ مریشک و جووجەڵەکان ڕێکخستبوو، کە ئێوارە دادەهات دەچووە بەر دەرگای کۆلیتەکەو...) لە وەسفی سادەیی و ساکاری کەسەکاندا مەلا دەڵێ (هەموو جارێ هەر بە سوحبەت پێم دەگوت: دایە چەند مریشک و جووجەڵەت هەیە؟ دەیگوت: کوڕم جووجەڵەکان وردن قەت نەمژماردینە، بۆ مریشکەکانیش پێنج پەنجەی دەستێکی دەنووشتاندەوە و سێ جار بەرز و نزمی دەکردەوەو)، ڕۆمانەکە بە گشتی چەند لایەنێک لە خۆ دەگرێت لەوانەش لایەنی (کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕامیاری) لە ناو ئەمانەشدا ڕووداوەکانی مێژوو و مەینەتییەکانی گەل و نیشتمان بە وردی باس دەکات، لە وەسفی شوێن و ڕێگاوبان و ناوشاریشدا نووسەر ڕێپیشاندەرێکی شارەزایە و جوگرافیای دەوروبەر بە جوانی ڕوون دەکاتەوە، هەروەک لە لاپەڕە (٢١١) دا لە بارەی مامۆستا کارۆ دەڵێ: ((سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو، بە شەقامی نێودەوڵەتی "هاملتۆن"دا ڕۆیشت، لەسەر پردی (ڕەشدوور)ەوە بەرەو (قەسرێ)، لەوێشەوە بە مەبەستی ڕۆیشتنی بۆ

(سەنگەسەر)بە گوندەکانی (گۆجار) و (بەرگرتکە) و (ئێنزێ) و (لێوژێ)، بۆ ناو دۆڵی شەهیدان شۆڕ بووەوە...))، لە هەمان لاپەڕەدا نووسەر بەم شێوەیە وەسفی (مەلا) دەکات، پاش ئەوەی کە تازە لە زیندان قوتار بووەو گەیشتۆتە ناوچە ئازادکراوەکان و بەرچاوی کارۆ دەکەوێت (پەیکەرێکی ئێسک و پێستی لەڕ و لاوازی بینی، ئێسکەکانی وەک ستوونی ڕەشماڵ قیت و زەق بە جۆرێک دیار بوون هەندەی نەمابوو پێستە زەرد هەڵگەڕاوەکەی بدڕن)، لە وەسفی پێشمەرگە و شۆڕشیشدا، کارۆ بە ئیبتسام دەڵێ: (ئەو شەڕە شەڕی نێوان کوردو عەرەب نییە، خەباتە دژی زوڵمی زاڵمان، تێکۆشانە دژی چەوساندنەوەی نەتەوە و گەلێکی ماف خوراو، لاپەڕە ١٨٦)، لە هەمان لاپەڕەدا دەربارەی شوێنی پێشمەرگە دەڵێ: (ئەوان هەر لەوێ نین، لە هەموو شوێنێکن، ئەوان فریزن هەرچەندە بیانبڕیتەوە چڕتر دەبن)، لە لایەنی کۆمەڵایەتیشەوە نووسەر توانیویەتی عاشقێکی گڕگرتووی وەک (ئیبتسام) دروست بکات و هەموو شتێکی بە پارە و ماڵ و سامانیشەوە لە پێناو ئەو عەشقەیدا ببەخشێت، تەنیا بۆ گەیشتنی بە (کارۆ) و زۆر هەوڵ و کۆششی بۆ دەکات، لە کاتێکدا تاکو دوا ساتەکانی بە یەکگەیشتنیان وەک ژن و مێرد ئاگاداری دەروون و ڕازونیازەکانی کارۆ نییە و نازانێت ئایا ئەویش ئەمی خۆش دەوێت، وەک ئەم بۆی سووتاوە، ئەویش بیری لێ دەکاتەوە، ئەوەتا لە کاتی بەیەک گەیشتنیان لە لاپەڕە (١٥١) دەڵێ: (تۆ منت خۆش دەوێ؟ کارۆ هەر وەختبوو لە خۆشییان باڵ بگرێ، زمانی کرایەوە شەکرەکەی شکاند – قسەیەکی شیرینی کرد: بەڵێ زۆرم خۆش دەوێی، لەوەی زیاتر چی بڵێم مەگەر ببمە شێخی سەنعان و بۆت وەربگەڕێم. ئیبتسام چەند شیرین بوو شەکرە شکاوەکەی کارۆ شیرینتری کرد: پێویست بە وەرگەڕان ناکا، هەردووکمان یەک ئایین پەیڕەو دەکەین، با شێوازی پەیڕەو کردنیشمان جیاواز بێ، کەواتا ئامادەی هاوسەرگیری بکەین؟ کارۆ لە خۆشیان هەستایەوە: بەڵێ هەر ئێستا هەستە دەستت بدە من با بچین لە لای مەلایەک مارەت بکەم)، لە وەسفی عیشقیشدا نووسەر بەم شێوەیە لە لاپەڕە (٥٦) دا بە زمانی (ئیبتسام)ەوە بە خەیاڵ دەڵێ: (چل ڕۆژ لە تەمەنی عیشقدا کەم نییە، عەشق دەبێ لە هەر ڕۆژێکدا بە لای کەمی بستێک گەشە بکات، عەشقی ساڵێک پێی لەسەر زەوی و سەری لە ناو هەورەکانە، عەشقی چەند ساڵە لە ئاوێنەی مانگ ڕوخساری خۆی دەبینێ، عەشق بە هێز و نەمرە، ڕوحێکی ئەزەلییە، بەژنی ئەوەندە بەرزە هیچ ڕوحکێشێک بۆی نییە دەستی بگاتە لووتی و بە زیندوێتی بیخنکێنێ، عەشق گوللە بەندی لە پشتێیە، عەشق کوژەکان گوللەکانیان چرووکە، خەنجەر و چەقۆکانیان کولن، نەک هەر عەشق هەتا جووجکەیەکیشیان پێ سەرنابڕێ، باڵەخانەی ماڵی عەشق لە ناو تەلبەندی پۆڵایینی سینگدا بنیات نراوە، لە ناو لەپی فاتیمەی زەهرادایە، حەسەن و حوسێن دەستیان پێوە گرتییە، کێ حەدی هەیە بیڕووخێنێ)، نووسەر لە وەسفی جوانی ئافرەتدا هەر بە خەیاڵ لە هزری (ئیبتسام)دا دەڵێ: (جوانی دەرەوە تەنیا فاقێکە بۆ ڕاکێشانی پیاو، پاداشتێکە سروشت داویەتی بە ئافرەت بۆ ئەوەی پیاوێکی پێ ڕاو بکات، جوانی جۆرێکە لە فێڵی چاو، سینگێکی پڕ، چ بە هایەکی دەبێت ئەگەر دڵێکی ڕەقی تێدابێ، دەم و لێوێکی فستقی چ نرخێکی دەبێ ئەگەر زمانێکی تێدابێ ژەهر برێژێ، پرچێکی لوولی بریقەدار بۆچی باشە ئەگەر لە ژێریدا عەقڵێکی ژیرانە نەبێ، دەست و قۆڵ و باسکێکی جوان نەفرەتێکە ئەگەر پێڵاو بۆ ڕووی پیاو بەرز بکاتەوە)، لە زۆر شوێنیش نووسەر سوودی لە پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی وەرگرتووە، هەروەک لە لاپەڕە (٥٣) دا لە زمانی (کارۆ)وە هەر لە دڵی خۆیدا دەڵێ: (داپیرم بە ڕەحمەت بێ دەیگوت: ئای لە بێوەژن چەند مەکربازە، کۆنە دەفرۆشێ بە نرخی تازە).

ئەم ڕۆمانە بۆ خوێنەر بە ڕاستی لەو جۆرەیە کە بێزارکەر نییە و خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیدا تاموچێژێکی باشی لێوەردەگرێت و لە کاتی دابڕانی لێی، هەمیشە فیکری لە لایەتی، بەتاسەوە بیر لە پاڵەوانەکان و داهاتوویان دەکاتەوە و ئارەزوو دەکات چەندی زووترە بگەڕێتەوە سەری و دەست بە

خوێندنەوەی بکات، هەرچەندە ڕۆمانەکە (٢٤) بەشە، بەڵام بەشەکان پێکەوە گرێدراون و تەواوکەری یەکترین، بەڵکو تەنیا وەک وێستگەیەک بۆ پشوودانی خوێنەر بەو شێوەیە دانراون.

پاش خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە چەند خاڵێک سەرنجی ڕاکێشام، من ناوی لێ نانیم ڕەخنە، بەڵکو وەک تێبینی دەیانخەمە ڕوو، ئەگەر مامۆستای نووسەر لێم قبووڵ بکات.

١- خۆزگە ناوونیشانی ڕۆمانەکە بە ناوی (ئیبتسام)، یان (خەندە) بوایە، چونکە یەکەمیان قوربانییەکی زۆری لە پێناو عیشقێکی پاک و ڕەوادا داو لە کۆتاییشدا بوو بە یەکێک لە شەهیدانی شۆڕشی ئەیلول و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لە کاتێکدا ئەو بە ڕەگەز کورد نییە و ئەوە ئەرکی ئەو نەبوو، دووەمیشیان (خەندە) کچی ئەوەو درێژەپێدەری ژیانی دایکێتی و ناوی ڕاستەقینەی (ئیبتسام) خۆیشێتی.

٢- لە لاپەڕە (٢١٨) نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول وەک بەرواری دەگەڕێنرێتەوە بۆ شەشی ئاداری ساڵی ١٩٧٦، لە کاتێکدا خۆی شەشی ئاداری ١٩٧٥ بووە. ئەم ڕێکەوتەش بە نووسین لە ڕۆمانەکەدا نووسراوە.

٣- مامۆستا کارۆ لە لاپەڕە (٢٠٧) لەگەڵ ژنەکەی دەچنە هەولێر و جێبێکی لاندرۆڤەر دەکرن و یەکڕاست لە هەولێرەوە بەرەو گوندەکە دەگەڕێنەوەو لە ڕێگاش لە سەیرانگای بێخاڵ و لە چێشتخانەیەک لادەدەن و نانیش دەخۆن و ئەو ڕۆژەش بە خۆشترین ڕۆژی تەمەن لە قەڵەم دەدەن، (مامۆستا کارۆ زۆر دڵخۆش بوو هەر دەیخواردو بۆ ژنەکەی دەدوا: ژنەکە پێبکەنە، ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژی تەمەنمانە) لە کاتێکدا مامۆستا کارۆ یەکەم جاریەتی ماشێن لێدەخوڕێ و لە هیچ شوێنیکی تر ئاماژە بە فێربوونی ئەو بۆ ماشێن لێخوڕین لە هیچ قۆناغێکی ژیانیدا نەکراوە، لە کاتێکدا بۆ (زەندی) کوڕی چەند جارێک ئاماژەی پێکراوە تاکو فێری شۆفێری و بە گوفتەی نووسەر (هاژوشتنی ئۆتۆمبێل) کراوە، لاپەڕە (٢٣٤).

٤- لە یەکەم جاری بەیەکگەیشتنی کارۆ و مامز، مامز توانی پیاوەکەی فریو بدا و لەگەڵ کارۆ سەرجێیی بکات، دواتر کار بەوەشەوە نەوەستا، تاکو لە حەسارەکە بە و هۆیەوە دەرکران،

**یەکەم:** ئایا چۆن (دەرویش ڕەحیم) بەو درندەییەی خۆیەوە ئەوەی لە ژنەکەی قبووڵ کرد و نەیکوشت؟

**دووەم:** ئایا کارۆ دوای ئەوەندە ساڵەی چۆن بڕیاری هاوسەرگیری دا لەگەڵ ئەو ئافرەتە چڵێسەی تەنانەت بۆ (زەندی) کۆنە دۆستیشی، هەرچەندە سوور دەیزانی دووگیانە لە (کارۆ)، لەلاپەڕە (٢٣٠) مامز خۆی دەڵێ: (دەتگۆ بوویمە تەیرو دەفڕم بۆ باوەشی زەندی هاوڕێ و خۆشەویستم فڕیم، ئەو باوەشی نەکردەوە، گوتی تا ئەو مێردەت نەتۆپێنم ناتخەمە باوەشم.) با (زەندی) دووەمیش کوڕی هەردووکیان بێت، پیاو هەمیشە لەبەر تەنیا یەک ناپاکی، ئامادەیە ژنی خۆی تەڵاق بدات، ئەگەر بابی چەندان منداڵی شەرعیش بێت لەو ژنە، لە کاتێکدا زەندی منداڵی ناشەرعی هەردووکیانە.

لە کۆتاییدا دەڵێم: ئەو خاڵانەی سەرەوە باوەڕ ناکەم هیچ لە پلەو پایەی ڕۆمانەکە کەم بکەنەوە، چونکە ئەم ڕۆمانە لە کتێبخانەی ڕۆمانی کوردیدا جێگای تایبەتی دەبێت، من وای بە باش دەزانم و لەبەرئەوەی ڕۆمانەکە هێشتا کراوەیە و کۆتاییەکەی دانەخراوە و زەمەنیش زۆری بە بەرەوە ماوە، خۆزگە نووسەر بیری لە بەرگی دووەمی دەکردەوە ئەگەر گوڕ و تینی تێدا مابێ.